# تێڕامانێك له بزووتنه‌وه‌ی كۆمۆنیزم و گرفته‌كانی

## بژار

ئه‌گه‌ر حزبی ماركسیستی ڕاسته‌قینه ، ئامڕازی خه‌باتی چینی كرێكاره بۆ شۆڕشی كۆمه‌لایه‌تی و دامه‌زراندنی سۆشیالیزم ، ئه‌وا ده‌بێت وه‌كو ئه‌و ئامڕازه تێی بڕوانین و مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵدا بكه‌ین . بڕوا بوونمان به كۆمۆنیست بوونی حزبێك نابێت له‌وێوه بێت كه ڕابه‌رایه‌تییه‌كه‌ی چۆن له‌و باره‌یه‌وه ده‌په‌یڤێت ، به‌ڵكو ده‌بێت له‌وێوه بێت كه چینی كرێكار به گشتی و ڕابه‌ره‌كانی به تایبه‌تی چ هه‌ستێكیان له به‌رانبه‌ر ئه‌و حزبه‌دا لا دروست بووه و چۆنی هه‌ڵده‌سه‌نگێنن . له جه‌رگه‌ی ململانێی چینایه‌تییاندا دروست بووه ، یان هاتووه‌ته ناویانه‌وه . ده‌بێت به ئامڕازێكی هه‌ڵسووڕاو به ده‌ستیانه‌وه بۆ خه‌باتیان دژ به چینی بۆرژوا ، یان ده‌یه‌وێت به ناوی كۆمۆنیزمه‌وه بیانكات به سووته‌مه‌نی به‌دی هاتنی ئامانجی چین و توێژی تر . گرفته‌كه له‌ویادا نییه كه هه‌ر حزبێكی بزووتنه‌وه‌ی كۆمۆنیزم له هه‌ر ولاتێكدا بێت بڵێت :(من ئامڕازی خه‌باتی چینی كرێكارم ) ، به‌ڵكو گرفته‌كه له‌ویادایه كه ئه‌و حزبه چۆن ده‌توانێت به كرده‌وه ببێت به‌و ئامڕازه ؟ ماركس و ئه‌نگلس له مانیفێست دا ده‌ڵێن :(كۆمۆنیسته‌كان به‌وه له پارته‌كانی تری پرۆلیتاریا جیا ده‌كرێنه‌وه كه له لایه‌كه‌وه له خه‌باتی پرۆلیتاریای نه‌ته‌وه جۆر به جۆره‌كاندا ، به‌رژه‌وه‌ندی هاوبه‌شی پرۆلیتاریا ، وێڕای جیاوازی نه‌ته‌وه ، ده‌خه‌نه پێشه‌وه و دیفاعی لێده‌كه‌ن ، له لایه‌كی تریشه‌وه به‌وه‌دا كه له قۆناغی جیا جیای په‌ره‌سه‌ندووی خه‌باتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوادا ئه‌وان هه‌میشه به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی سه‌رانسه‌ری بزووتنه‌وه‌كه به گشتی نوێنه‌رایه‌تی ده‌كه‌ن ) . ئه‌ڵبه‌ته بزووتنه‌وه‌ی كۆمۆنیزم له عێراقدا ، له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌موو دان پیانان و ڕاگه‌یاندنه‌شیدا له‌م باره‌یه‌وه ، نه‌یتوانیوه و به كرده‌وه نه‌یویستووه ، نه به‌رژه‌وه‌ندی هاوبه‌شی پرۆلیتاریا ، وێڕای جیاوازی نه‌ته‌وه ، بپارێزێت ، وه نه نوێنه‌رایه‌تی سه‌رانسه‌ری به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی بزووتنه‌وه‌كه له قۆناغه جیا جیاكانی خه‌باتدا بكات . ئه‌م بزووتنه‌وه‌ی كۆمۆنیزمه له كۆتایی حه‌فتاكانه‌وه تا ئێستا ، چ له شێوه‌ی ڕێكخراوه بچوك و گه‌وره‌كانیدا و چ له شێوه‌ی حزبه‌كانی ئه‌م دواییانه و ئێستایدا ، له جیاتی پڕ كردنه‌وه‌ی كه‌م و كورییه‌كانی ، درێژه به مانه‌وه‌یان ده‌دات . پرسیاره‌كان ڕۆشنن له‌م ڕووه‌وه ، وه‌لامه‌كان نا ڕۆشنن . هۆكان زۆرن بۆ ناته‌واوییه‌كانیان ، دیاری كردنه‌كان و لابردنیان له مه‌یدانه ته‌شكیلاتییه‌كاندا كه‌من . گرفته‌كان ئاشكران ، چاره‌سه‌ره‌كان دیار نین . هه‌ر وه‌كو جاران له په‌راوێزی كۆمه‌ڵگادان ، به داخراوی ماونه‌ته‌وه ، سیكتاریزم له ناوه‌وه بنكه‌نیان ده‌كات ، له ناو هه‌مان سێگۆشه‌ی زیاده ڕۆیی و سازش و پاشه‌كشه‌دا كاره‌كانیان به ئه‌نجام ده‌گات ، ئاگری كێشه ناوخۆییه‌كان دانامركێته‌وه ، له قالب دانی ئازادییه‌كانی ئه‌ندامان درێژه‌ی هه‌یه و كه‌س نییه وه‌لای بنێت . ئه‌مانه و چه‌ندین و چه‌ندینی تریش به بالای ته‌شكیلاته‌كاندا ئالاوه . زه‌مینه‌یه‌ك له گۆڕێیه كه له‌گه‌ڵ كۆمۆنیزمدا نایه‌ته‌وه . ده‌رده‌كه له ڕاستیدا ده‌رمانی هه‌یه ، به‌لام له ئاستیدا چاو

دەنووقێنن و گوریّز دەدەن . گرفتەکان لە بناغەدا هێزگرتنە , پاوان خوازییە لە دەسەلآتدا , بەکار هێنانی سیاسەتی ڕکێفداریی و دەستەمۆ کردنە لە ئاستی یەکتریدا , سووڕانەوە و بینین گرتنە بە دەوری بەرژەوەندی و ئامانجی چین و توێژە نا کرێکارییەکاندا , پیادە نەکردنی میتۆدی دایلەکتیکە , هەژارییە لە تیئۆریدا , تێهەڵکێش نەبوونی پراکتیسانەیە بە دنیای فکری مارکسیزم , نەبوونی توانای وێنا ( تەسەوور ) کردنی دەوری مێژوویی چینی کرێکارە , دوور کەوتنەوەیە لە ئەرکە نێونەتەوەییەکان , هەراسان ( نیگەران ) بوونە لە بەرز بوونەوەی ئاستی ڕادیکالیزم لە ڕیزەکانی تەشکیلاتدا , قایل نەبوونی تەواوە بە مافە مەدەنییەکانی ئەندامان , دەست گرتنە بە خەباتی حزبییەوە نەك چینایەتییەوە , پەروەردە کردنی گیانی سەرچڵیی و ئۆپەر تۆنیستییە , دابڕانی حزبە لە چین و ڕابەرایەتیش لە ئەندامان . هەر یەکێك لە حزبەکان پێ دادەگرێت لەوەی کە باوەڕی بە ئینتەرناسیۆنال پتەوە , بەلآم بە کردەوە هەنگاوی بۆ نانێت .
هەر یەکەیان وا دەپەیڤێت کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە سەرانسەرییەکانی چینی کرێکار دەکات , بەلآم بەو مانایەی کە لەگەڵ دەزگا فکرییەکەیدا بێتەوە نەك وەکو ئەوەی کە لە واقیعدا هەیە . چ وەکو تاك و چ وەکو گرووپ و حزب , هەندێك جار بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە و هەندێك جاریش بە بێدەنگی و پەنامەکی و شەرمنانە ,
دەڵێن گوایە لارییان لەو دوو خاڵە نییە , بەلآم تەنیا لە مەیدانی پێناسە کردنی خۆیاندا بە کاری دەهێنن , نەك بە کردەوە بیسەلمێنن . هیچ ڕێکخراو و حزبێك لە بزووتنەوەی ئەمڕۆی کۆمۆنیزمدا لە عێراقدا , مەسەلەی پەیوەندییەکانی حزب و چینی کرێکاری لا ڕۆشن نییە . لە نێوانی یەکلایی کردنەوەی دەسەلآتی چین (تەبەقە) و حزبدا گیری خواردووە .چۆنیەتی گواستنەوەی دەسەلآتی حزبیی بۆ چینی کرێکار لا تەم و مژاوییە . ئەمان لە جیاتی ئەوەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە گشتی و سەرانسەرییەکانی چینی کرێکار بکەن و لەوێشەوە پێ داگر بن بۆ جێخستنی ئەم هۆشیارییە لە ناو چینی کرێکاردا بۆ سەرخستنی شۆڕشی کۆمەلآیەتییان , دێن خۆیان وەکو گرووپ یان حزب دەبن بە نوێنەری چینی کرێکار و داواشیان لێ دەکەن کە بە دەوریاندا کۆ ببنەوە . یانی لە ڕاستیدا حزب ناکەن بە ئامڕازی خەباتی چینی کرێکار , بەڵکو چینەکە دەکەن بە ئامڕازی خەباتی حزبییان . لە ناو خۆشیاندا , بێگومان , ئەم ڕێکخراو و حزبانە , مەسەلەی پلە و پایە و دەسەلآت خوازییان بە ئەندازەیەك برەو پێدەدەن و دەییەنە پێشەوە کە خەباتی چینایەتییان دەباتە ژێر پرسیارەوە . گرفتی بناغەیی حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم لە تەوەرە بەستنیاندایە بە دەوری ئامانجە حزبییەکانیاندا کە کۆمەڵێك ئەرك و پێداویستی نا کرێکاری بۆ ئەندامان دروست دەکات و بە ناچارییش وەکو حزب دەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ ڕۆیشتن بە ڕێگای سۆشیالیزمدا . ئەم بارودۆخەیە دەیانگەیەنێتە چەقین و بنبەست . تەنانەت حزبەکەی ئێمەش ( حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق ) کە تەنیا تروسکەیە لەم ناوەدا , نەیتوانیوە لەمەڕ دەسەلآتی حزبیی و دەسەلآتی هەموو چینی کرێکار لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە چۆنیەتی گوێزانەوەی خەبات و دەسەلآتی حزبیی بۆ هەموو چینی کرێکار , بەشداری سەرومڕی هەبێت و لایەنە تاریکەکانی ڕۆشن بکاتەوە . ئەم گرفتە ئەو گرفتە سەرەکییەیە کە

بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی تووشی ڕاوەستان و دۆشدامان کردووە . کە دەڵێم حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق تەنیا تروسکەیە , بەو مانایەیە کە تەنیا حزبە لە گۆڕەپانی سیاسیدا و لە عێراقدا ڕای گەیاندووە کە بڕوای بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و دامەزراندنی حوکومەتی کرێکاری و سۆشیالیزم هەیە و خەباتە چینایەتییەکەشی بۆ گەیشتنە بەو ئامانجانە . وە لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەی عێراقدا ستراتیجی خۆی هێناوەتە دەرەوە و بە دامەزراندنی حوکومەتێکی نا نەتەوەیی و نا ئاینیی ( کە لە ڕێگای دەسەڵاتی شوورایییەوە بەدی دێت ) , فۆرمۆلەی کردووە . یەکەم حزب و هێزی ڕادیکالە کە ڕاشکاوانە لە ڕێگای گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی شووراکانەوە , داوای جیابوونەوەی کوردوستان دەکات لە عێراقدا . من پێم وا نییە حزبەکەمان لەم گۆشانەوە جێگای ڕەخنە بێت . ( مەبەست لە ڕەخنەی مارکسیستییە ) . ئەوەی کە جێگای سەرنجە و دەبێت لە بارەیەوە ساغ ببینەوە پێناسە کردنەوەیەکی سەر لە نوێی دەسەڵاتی حزبیی و چینایەتی هەموو چینی کرێکارە . بەشداری کردنە لە پڕۆسەیەکدا که دەسەڵاتی حزبیی بە بەشێك لە دەسەڵاتی چینی کرێکار بە کردەوە پێناسە بکات و لە خزمەتی ئەودا بێت , دامەزراندنی حوکومەتی کرێکارییە لە لایەن خۆیانەوە ( واتە چینی کرێکار ) نەك لە لایەن حزبەوە . ئێمە هەرچەندە حزبێکی تا ڕادەیەك تازەین و هێشتا لە سەرەتای کارداین , بەڵام ئەگەر هەوڵی پەیگیر لەم پێناوەدا نەدەین و پاش فۆرمۆلە کردنێکی تیئۆرییانە , بە کردەوە , نەکەوینە بەرز کردنەوەی دروشمی :(هەمووەسەڵاتێك بۆ چینی کرێکار ) , وە حزبەکەشمان نەکەین بە ئامرازی بێ ئەملا و ئەولای ئەو خەباتە , ئەوا جەماوەریی نابینەوە و ئەگەر جەماوەرییش ببینەوە , بە هێنانە دی ئامانجەکانی چینی کرێکار ناگەین . حزب وەك یەکەیەکی سەربەخۆی ناو چینی کرێکار نەك دەرەوەی , دەبێت خەباتەکەی هەمەلایەنە بێت . لە هەموو هەلومەرجێکی تازەدا و بە گوێرەی هاتنەوەی لەگەڵیدا , دەبێت ئاستی خەباتە چینایەتییەکەی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە دیاری بکرێت . لە هەموو ساتەوەختێکی خەباتیدا و لە هەموو هەنگاوێکیدا , حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکار , دەبێت هۆشیار کردنەوەی چینی کرێکار نەك هەر فەرامۆش نەکات بەڵکو گووڕ و تینێکی تازەی بداتێ . مەسەلەی حزب کە بە پێی ووتەیەکی لینین :(بنەمای بەرز کردنەوەی ئاستەکانی ئایدۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخراوەییە ) , بە مانای سەربەخۆ کردنی حزب نایەت لە چینی کرێکار . حزبی مارکسیستی ڕاستەقینە بەو ئەندازەیە سەربەخۆیە کە پەیوەستە بە چینی کرێکارەوە . لە ڕۆچوونیدا بە هەناوی چینی کرێکاردا , وەکو حزبێکی سەربەخۆ لە سەر ئاستی کۆمەڵگادا دەناسرێتەوە . حزب ئەگەر لە دەرەوەی چینی کرێکاردا بێت و سەربەخۆییەکەی لەوێوە پیادە بکرێت , یانی حزبی چینی کرێکار نییە , لەگەڵ هەموو خۆ ناساندنێکیشیدا بەو ناوەوە , ناتوانێت ئەرکە چینایەتییەکان جێبەجێ بکات . هیچ حزبێکی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم لە عێراقدا نەیتوانیوە بە ئەندازەیەکی تۆزێك دڵخۆشکەر , ئاستی ئایدۆلۆجی و سیاسی و ڕێکخراوەیی چینی کرێکار بەرز بکاتەوە . مەسەلەکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە خەباتی حزبیی و خەباتی چینی کرێکاریان لە یەك دابڕاندووە و لە هەوڵی پاشکۆیەتی دووەمدا ( خەباتی کرێکاریی ) بوون بۆ یەکەمیان ( خەباتی حزبیی ) . ڕزگار بوون لەم گرفتە گەورەیەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم

**و تێهەڵکێش بوونەوەی حزب بە چینی کرێکارەوە بە ڕای من , لە ئێستادا , تەنیا لە ڕێگای ڕابەرایەتی کردنی بە کۆمەڵی ( قیادە جەماعییە ) حزبەوە دەبێت .**

**درێژەی هەیە**

2005-4-11